# چوار شەممەی سۆر لە بیلەفێلد
# حەشری (دوعا)ش لە بەعشیقە

## نوری بێخاڵی

**"پڕم لە ئاژاوەی گریان و چاوەکانم بۆ بیانوویەك ئەگەڕێن بۆ بارین" ★**

بەڕاست گریان پیشەی بێدەسەلاتی ژنە، یانیش نهێنییەکی قوڵ؟ باشە ئەگەر گریان بێدەسەلاتی ئەو کائینە بێت، ئەی هەنسك و گریانی پیاو چی ناو بنێین؟ ئایا کەس لە ئێمە رۆژێك پرسیاری ئەوەی لە خۆی کردووە بۆ زۆرجار خوازیارە لە تەنهاییدا نیگاکانی تەڕ بکات و کوڵی ناوەوەی هەڵڕێژێت؟ لەوە بەولاوەتر، ئاخۆ گریانی مرۆڤ لە ئاست کوشتنی دڕندانەی (دوعا) چی ناو دەنرێت؟ کێ هەیە ئەو دیمەنە سامناك و وەحشیگەرییەی ببینێت و تەزوو بە جەستەیا رۆنەچووبێت و ئەگەر بە دزیەوەش بێت نەگریابێت؟ لەو حاڵەتەدا گریان مانای بێدەسەلاتی ئێمە دەدات، یان بێهوودەیی و رەشبینی لە ئاست ئاسۆی کرانەوە و ئینسانی بوون لەو جوگرافیا بۆگەنەدا؟ دواجار ئەوە بۆ (دوعا) دەگرین وەك قوربانییەك، یان شینی کۆستێکی دژوارتر لە پێشەوەمانە، کە هیچ بانگەشە و هوتافێکی بریقەداری کۆمەڵایەتی و سیاسی ناتوانن رێی دەرکەوتنی بگرن؟ ئاخر بەو ئەتمۆسفیرە کۆمەڵایەتی و سیاسییە رزیو و داتەپیوە چاوەڕێی چی لە ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە دەکرێ؟!

بەهەرحاڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ دەرفەتێکی تر جێدەهێڵین و تەنها بۆ ئەوە ئەو قسانەم کرد، کە چ بێهوودەییە، کاتێك مرۆڤ لە نیشتمانی خۆیدا و لە ئاست رووداوێکی هۆڤدا، لە وشە و فرمێسکێك بترازێ شتێکی دیکەی لە دەست نەیەت، چونکە بە چاوی خۆت دەبینی بەولاوەتر کولتوری کۆمەڵایەتی و دەسەلاتی سیاسی و یاسا کاڵی دەکەنەوە و بیانووی بۆ دێننەوە، بەمەش ئومێدێك بۆ ژیان و بەردەوامی لەو پانتاییە نامێنێتەوە و ئینتما دەبێتە نوکتەیەکی بێمانا و مرۆڤ هێڵنجی پێ دێت، لەوەش وێرانتر ئەگەر ئەو دونیابینییە رەسەن و رەچەڵەکی کوردبوون بێت، تف لەو یادەوەری و رەسەنایەتییە!!

چ دۆزەخێکە ئەو کولتورە، چ وێرانەیەکە ئەو عەقڵە، چ تاریکستانێکە ئەو رۆحەی حوکمی ئەنجنکردنی بە (دوعا)ی سیمبولی عیشق و بەرائەت رەوا بینی؟!

کاتێ مرۆڤ ئەو دیمەنانە دەبینێ، ئیدی تەفسیرێکی تری بۆ کوشتن و دڕندەیی پێ نادۆزرێتەوە، کردەیەکی جانەوەری و هۆڤییانە، کە کۆی سنورەکانی عەقڵ و خەیاڵی بەزاند و ناونانی هەروا سادە و ئاسان نییە

شاملۆ دەڵێ:

رۆژگارێکی سەیرە گوڵم

دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن

نەکا رۆژێ وتبێتت خۆشم دەوێی

سەیرکەن ئەوان بەو بۆنی گەنیویان، بەو چڵك و قرێژی جەستە و روخساریان، کە دەرکەوت رەنگدانەوەی ناوەوەی ناوەوەیانە، ئاوێنەی عەقڵی نەخۆش و بیرکردنەوەی ژیانکوژ و دونیابینی مەرگدۆستییانە، چۆن کچێکی نەشمیلی نەوبەهار تەمەنیان دڕندانە کوشت، کچێك تەنها دەیەویست خۆی بێت و بەها و ئازادی مرۆییانەی خۆی لەدەست نەدا، ئەوان دڕندانە، بە بۆنکردنی دەمی (دوعا)ی بێ دوعاوەرگر نەوەستان و وەك تینوێکی بیابان بینیان بە خوێنییەوە نا و بێباکانە فڕیان کرد، ئەوان کە دیاربوو مەستی خوێن و هەلاهەلاکردنی مرۆڤ بوون و ئاوزینگ و قیژە و هاواری بێدەسەلاتێك شاگەشکەی کردبوون، بێشەرم و روو قایمانە پێیان وتین عیشق لە مەملەکەتی تاوس حەرامە. مینا دەقە ئاینیە بەپیرۆزکراوەکانی دیکە، .ژیان و زیندەگی و دوا بڕیاری چارەنووس لە مەسحەفێ رەشدا بەس بۆ پیاوی جەللادە..جوانی لە سروتی ئێمەدا جێی نابێتەوە، گۆرانی و زیکر و سروتەکانمان، وەك سروت و دەقە ئایینییەکانی دیکە، پڕیانە لە ئاوازی مەرگ و ریتمی کوشتن.. دونیای ئێمەش دونیای پیاو و خێڵگەرابییە، بەمەش جارێکی تر و سەر لەنوێ سەربووردەی ژیانکوژی نێو دەقە پیرۆزەکانیان بیر خستینەوە و گرتەی رەجم و جەڵد و داخکردن و چی و چیتریان هێناوینەوە یاد.

ئەفسوس ئەو لەحزانە کەسێك..هێزێك، نە زەمینی و نە ئاسمانی گوێی بۆ نزاکانی ئەو نەونەمامە شل نەکرد و نەبووە فریادڕەسی.. حەیفێ لەو حەشری جەللادییانەدا، کەسێك .. هێزێکی نە ئاسمانی و نە زەمینی، ویژدانی بۆ قوڵی برین و هاواری ئازار و بێنەوایی ئەو مرۆڤە نەجوڵا..ئەو رۆژە کە هەلهەلەی کوشتنی کائینێکی دەستەپاچەی ژێر دەست و پێی گەلەگورگێکی دڕندەی ویژدان تۆپیو بەعشیقەی لە ژیان تۆراند، دوای ئەوە بەماوەیەکی کەمتر لە بیلەفێڵدی ئەڵمانیا، کچانی سنگ رووت و سمت خڕ و پیاوانی سمێڵ بابڕی ئێزیدی ئاهەنگی چوار شەممەی سۆر (سەری ساڵی ئێزیدی)یان دەگێڕا!!

بەڕاستی چوارشەممەیەکی سوور بوو، لەوێ لە بیلەفێڵد هێلکە سورکرابوون و لێرەش کاسەی مەستی جەژنیان لە خوێنی (دوعا) پڕکرد، بەلای منەوە ئەو دەمە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێو هەلهەلە و چەپڵەڕێزانی دڕندەکانی سەر جەستەی سڕی (دوعا) و هەڵپەڕکێ و تریقانەوەی ئەوانی بیلەفێڵددا نەبوو!!

ئای کە گاڵتەجاڕییە، سەری ساڵت لە بری گوڵ و بوخور و شیلەی عیشق، بە خوێن و کوشتن بڕازێنیتەوە، ئای کە کۆمیدیایە لە بری نوقڵانەی ژیان و نوێبوونەوەی جەژن و داگیرساندنی چرایەك، شیرینی مەرگ ببەشیتەوە و ژیان پڕکەیت لە تاریکی..وای کە کۆستێکی دژوارە لە رۆژی جەژندا عیشق لە خاچ بدرێ..ئای قیامەتە کە مرۆڤ پێکەنینی بە خوێن بێت و بەدیار لاشەی سڕبووی جوانی بتریقێتەوە و هەلهەلە بچڕێ!!

**★ سەرچاوە (بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت) لە نامەیەکی (سەحەر رەسایی).**